Sorani

# زانیاری سەبارەت نیشتەجێبوون



## زیندەوەری زیانبەخش لە ماڵەوە

Suomen Pakolaisapu

# زیندەوەری زیانبەخش لە ماڵەوە

زیندەوەری زیانبەخشی ماڵەوە لە ڕێگەی کەس و جل و کەلوپەلە پارچەدارەکانەوە لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر دەگوازرێنەوە و تەنانەت لە هێلانەی ژێر هەیوانەوە. ئەمانە لە ماڵ و ناو جل و مووی مرۆڤ و تووکی ئاژەڵ و لە سەر پێست دەژین. بەگشتی پاکوخاوێنی نەشیاو و نەبوونی پاکوخاوێنیی دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیاتری زیندەوەرە زیانبەخشەکانی ناو ماڵ. هەروەها ئەم زیندەوەرە زیانبەخشانە لەوانەیە لەڕێگەی ساک و جانتای گەشتەوە لە دەرەوەی وڵاتیشەوە بێن.

بە دیتنی هەر چەشنە زیندەوەرێکی زیانبەخش دەبێ خێرا بۆ نەهێشتنیان هەنگاو بنرێ. لە پەیوەندیگرتن بە بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتەجێبوون درێغیی مەکەن. کۆمپانیای نیشتەجێبوون بە یارمەتی کەسانی پسپۆڕ بۆ لەبەینبردنی زیندەوەرە زیانبەخشەکان هەنگاو دەنێ.

## ئەسپێ و سیسرک

- ئەگەر لە ماڵەوەتان ئەسپێ و سیسرک بوونیان هەیە بێدواکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتەجێبوون پەیوەندی بگرن تا کەسانی پسپۆڕ ماڵەکەتان دەرمانڕشێن بکەن و ئەگەریش نیشانەی سووربوونەوەی پێستتان بوو و بە پێویستتان زانی، دەکرێ سەردانی بنکەی تەندروستی خۆتان بکەن.
- لکەلوپەلی ماڵ لە ڕێڕەو و ئەنباری ژێرزەمین دامەنێن. بۆ لەناوبردنیان دەبێ ڕاستەوخۆ ببرێنە شوێنی لەناوبردنی زبڵ و زاڵ بۆ ئەوەی ئەو زیندەوەرە زیانبەخشانەی تێیاندان لە یەکەی نیشتەجێبووندا بڵاونەبنەوە!
- ئەگەر جرجانەوەرەکان لەبەین نەبرێن، ڕەنگە بگوازرێنەوە بۆ ماڵەکەی پاڵدەستمان و کۆمپانیای نیشتەجێبوون لەگەڵ کێشەیەکی گەورەتر ڕووبەڕووبێتەوە!

1. سیسرک



2. ئەسپێ



3. شوێنەواری ئەسپێ لەسەر کەلوپە ل



سوسەک و ئەسپێ )بڕوانە وێنەکان( زۆر بە ئاسانی لە خانووێکەوە بۆ خانووێکی تر بڵاودەبنەوە و دەبێ تەنها بە ژەهرێک کە پسپۆران بۆیان هەیە بەکاری بهێنن لەبەینببرێن. ئەگەر بینیتن یاخود ئەگەر بۆ نموونە لەسەر کەلوپەلی ناوماڵتان لەکەی ڕەشتان بینی، کە ئەسپێ لەپاش خۆیان بەجێیان هێشتوون، زوو لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون یان .لەگەڵ کۆمپانی خزمەتگوزاریی پێڕاگەیشتن پەیوەندی بگرن.

ژێدەری وێنەکان:
1. wstra2 (Flickr), 2. Mike Lewis (Flickr),
3. Tuholaistorjunta Täystuho Oy



بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە کاروباری
تەکنیکیی ماڵ
لەگەڵ بەرنامەڕێژی کاروباری نیشتەجێبوونی
کۆچبەران یێننی
یوڤۆنێن لە

(Building Bridges

## پەیوەندی بگرن:


044 741 1069
jenni.juvonen@pakolaisapu.fi


CEB
COUNCIL OF EUROPE DEVELOPMENT BANK
BANQUE DE DEVELOPPEMENT DU CONSEIL DE L'EUROPE

COUNCIL OF EUROPE
CONSEIL DE L'EUROPE


ئەم پڕۆژەیە بە یارمەتیی بانکی گەشەی شۆرای ئەورووپا بەڕێوەدەچێت


Suomen Pakolaisapu

www.pakolaisapu.fi